# نییەت، گرنگی وجێگاوماناو جۆرەكانی و كاریگەری لەسەر ووتەوكردەوە

## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آلِه وصحبه أجمعين، وبعد:

**لە (صحيح )ی ئیمامی بوخاریدا هاتووە كە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمێت:**

**(إنما الأعمال بالنيات، وإنما لكل امريء ما نوى، فمن كانت هجرته الى الله ورسوله فهجرته الى الله ورسوله، ومن كانت هجرته الى دنيا يصيبها أو الى امرأة ينكحها فهجرته الى ما هاجر إليه)[1].**

**وە لە (صحيح) ی ئیمامی موسلیم دا لە ڕێگەیەكی تره هاتووە:**

**(إنما الأعمال بالنية وإنما لأمريء ما نوى، فمن كانت هجرته الى الله ورسوله فهجرته الى الله ورسوله، ومن كانت هجرته لدنيا يصيبها أو امراة يتزوجها فهجرته الى ما هاجر إليه)[2].**

### نرخ و گرنگی ئەم فەرمودەیە:

**هەموو زانایان كۆ و یەكدەنگن لەسەر ڕاستی و دروستی ئەم فەرموودەیە كە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێردراوەتەوە. وەئیمامی بوخاری لە (صحيح)ە كەیدا لە سەرەتادا هێناویەتی‌یەوەو لە جێگای خوتبەی كتێبەكەیدا داناوە، ئەمەیش ئاماژەیەكە لەم ئیمامەوە كە هەموو كارێك ئەگەر بۆ خوای گەورە ئەنجامی نەدەیت ئەوا پووچەو هیچ پاداشتێكی نی‌یە نە لە دونیاو نە لە پاشە ڕۆژیشدا؟ لەبەر ئەمەیە كە زانای ناودار** (عبدالرحمن بن المهدي) **ئەفەرمێت: هەرچی كەسێك ویستی پەرتوكێك دابرێژێت بەم فەرموودەیە دەست پێ بكات، وە ئیمامی شافیعی دەفەرمێت: ئەم فەرموودەیە سێ یەكی زانستە و ئەچێتە ناوەڕۆكی حەفتا دەرگا لە فیقهدا، وە ئیمامی ئەحمەد دەفەرمێت: بنەمای ئیسلام لەسەر سێ فەرموودەیە: ئەم فەرموودەیەو ئەو فەرموودەی كە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە: (من أحدث في أمرنا هذا ما ليس فيه فهو رد)[3]، وە ئەو فەرموودەی كە** (نعمان بن البشير)رضي الله عنه **ئەیگێڕێتەوە: (الحلال بيِّن والحرام بيِّن)[4]. وە** (إسحاق بن راهويه) **ئەفەرمێت: چوار فەرموودە بنەمای ئایینن، ئەم سێ فەموودەیە و فەرموودەی:**

---

(1) (صحيح الجامع الصغير: 2319).

(2) (صحيح سنن الترمذي: 1647، وصحيح سنن النسائي: 3437، و3794).

(3) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: 140، وصحيح سنن ابن ماجة: 14، وصحيح سنن أبي ادود: 4606، و صحيح الجامع الصغير: 5970).

(4) (صحيح سنن ابن ماجة: 3984، وصحيح سنن النسائي: 4453، و صحيح الجامع الصغير: 3193).

(إن أحدكم يجمع في بطن أمه)[5].

هەروەها زۆر لە زانایان باسی بەنرخی و گەورەیی ئەم فەرموودەیەیان کردووە، بەڵام لەبەر درێژە پێ نەدان ئەوەندەم هێناوەتەوە.

## چەند زانیاریەکی گرنگ دەربارەی نیەت:–

پێش ئەوەی کە بچینە ناخی ڕاڤە کردنی فەرموودەکە وام بەباش زانی کەباسی نییەت و جۆرەکانی وشێوازەکانی بە تێر و تەسەلی بکەم لەچەند خاڵێکدا بۆ ئاسان تێگەیشتن لەم فەرموودەیە، چونکە نیەت ناوەڕۆکی فەرموودەکەیە و بێ تێگەیشتن لە نیەت مەحاڵە تێگەیشتنەکەمان بە گوێرەی پێویست بێت .

### یەکەم: جێگای نیەت:

دڵ جێگای نیەتە لە هەموو کارێکدا نەك زمان, وە هەر لەبەر ئەمەیشە کە هەر کەسێك بەزمان نیەت بهێنێت کاتێ ویستی نوێژ یان حەج یان ڕۆژو یان کارێکی تر بکات بە بیدعە دەژمێرێت و شتێکی هێناوەتە کایەوە کە لە ئاییندا نییە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ دەست نوێژی هەڵئەگرت و نوێژ و ڕۆژو حەجی ئەکرد بە زمان نیەتی نەئەهێنا، لەبەر ئەوەی جێگای نیەت دڵە نەك زمان یان دڵ وزمان، وە خوای گەورە هیچ شتێکی لێ بزر نابێت وئەزانێت چ نیەتێك لە ناخی دڵتدایە، وەکو خوای گەورە ئەفەرمێت: ﴿ قُلْ إِنْ تُخْفُوا مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ [آل عمران: 29] . واتە: ئەی محمدﷺ پێیان بڵێ ئەوەی کە لە دڵتاندایە ئەگەر بیشارنەوە یاخود ئاشکرای بکەن خوای گەورە دەیزانێت وئاگادارە، وەزانیاری هەیە بە هەرچی لە ئاسمانەکان وزەویيە.

وە ئەبێت هەموو مرۆڤێك لە هەموو خوا پەرستییەکانیدا بە دڵسۆزیەوە نیەتەکانی بۆ خوای گەورە بێت، وەکو لەم ئایەتەدا هاتووە کە خوای گەورە ئەفەرمێت: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾ [البينة: 5] .واتە: فەرمانیان پێ نەکراوە تەنها بەوە نەبێت کە خوای گەورە بپەرستن بە دڵسۆزیيەوە، وە لە هاوبەش بڕیاردان واز بهێنن ولابدەن بۆ یەکخواپەرستی، وە نوێژەکانیان ئەنجام بدەن بۆ خوای گەورە و زەکات بدەن، کە ئەمە بەڕاستی دینی ڕاست ودروستە .

---

(5) (صحيح سنن أبي ادود: 4708).

وه پیویسته نیەتەکەی ئامادە بێت لە پێش ئەنجامدانی کارەکانیدا، بۆ نمونە: نیەتی هەبێت کە دەست نوێژ هەڵئەگرێت و ئەم کارەیش بۆ خوایەو پەیڕەوکردنی فەرمانی خوایە، کەواتە بۆ گەیشتن بە لوتکە لە نیەتدا پێویستە سێ شت لەخۆ بگرێت:

1- نیەتی خوا پەرستی بێت .

2- بۆ خوای گەورەی بێت .

3- ملکەچی و پەیڕەوی کردن بێت بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە . (کەواتە هیچ کارێکی بیدعە ناگاتە لوتکە لەبەر بێ بەڵگەیی کارەکەی ) .

## دووەم: مانای نیەت:

زانایان لەم بابەتەدا دوو کۆمەڵن:

أ- لە لای (فقهاء): مانای نیەت ئەوەیە کە جیاوازی بکات لە نێوان عادەت و عیبادەت، وە هەروەها لە نێوان عیبادەتەکانیشدا، لەبەر ئەوەی نان و ئاو نەخواردن جاری وا هەیە لە رقدایە و، جاری وا هەیە لەبەر نەتوانینە و، جاری وایش هەیە لەبەر جێبەجێ کردنی فەرمانی خوایە، کەواتە لێرەدا پێویستمان بەنیەتە لەڕۆژوودا بۆ جیا کردنەوەی لەوانەی تر، وە هەروەها لەعیبادەتەکانیشدا پێویستمان بەنیەتە بۆ جیاکردنەوەی عیبادەتێك لە عیبادەتێکی تر، چونکە نوێژو رۆژوو فەرزیان هەیەو سوننەت و ئەمانەیش خۆی لە خۆیاندا جۆراو جۆرن، لەبەر ئەمە پێویستمان بەنیەتە بۆ جیا کردنەوەیان لە یەکتر، وە ئەمانە هەمووی ئەکەونە ژێر حوکمی گشتی:

(وإنما لكل امريء ما نوى).

ب- لە لای سەلەفی پێشین (المتقدمين): بەمانای جیاکردنەوەی مەبەستە لەکارەکەدا، ئایا بەتەنها بۆ خوای گەورەیە بەبێ هاوبەش، یان بۆ یەکێك یان شتێکی ترە، یاخود بۆ خواو شتێکی تر یان کەسێکی ترە، لە لای شارەزایان مەبەستیان ئەم جۆرە مانایەیە کە لە پەرتووکەکانیاندا باسی دڵسۆزی و پاشکۆکەکانی (توابع) ی ئەکەن .

## سێیەم: روکنیەتی نیەت:

برای موسڵمان ئەبێ ئەوە بزانین کەنیەت بەمانای ویست (هَم وإرادة) دێت، ویستی مرۆڤ واتە: (نیەت)، وە مرۆڤیش ناتوانێت هیچ کارێك ئەنجام بدات بە بێ نیەت، تاوەکو چەند زانایەك فەرمویانە: ئەگەر

بهاتایه خوای گەورە جۆرە کارێکی بدایە بە سەرماندا کە بەبێ نیەت ئەنجامی بدەین ئەوا بەو کارانە دائەنرا کە لەتوانای مرۆڤدا نییە، ئەمەیش لەبەر مەحاڵی ئەنجامدانی کارە بەبێ نیەت لە لایەن کەسێکی ژیر (عاقڵ) کەبیەوێت کارێك ئەنجام بدات بە ویستی خۆی، چونکە هەموو کارێك لە ئەنجامی ویست و تواناادا (الإرادة والقدرة) دروست ئەبێت و ویستەکەش نیەتە، و ئەم نیەتەیش ڕوکنە لە هەموو کارێکدا .

کەواتە: ئەگەر نیەت هەبوو ئەوا کاریش دروست دەبێت لە پاش بەکار هێنانی ئەو توانایەی کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارەکەو ئەگەر ئەم نیەتەش نەبوو ئەوا مەحاڵە هیچ کارێك دروست بێت گەرچی توانایش هەبێت . وەبەم نیەتەیە حوکم ئەدرێت بەسەر کارەکەتدا کە چاکە یان خراپ و شایانی پاداشتی یان سزا .

## چوارەم: نیەتی لە ناکاو (طاريء):

لە کاتی ئەنجامدانی کاردا جاری وا هەیە ئەم نیەتە کتوپڕو لەناکاو دێت و گۆڕانکاری بەسەر نیەتە ڕەسەنەکەتدا (أصل النية) دێنێت، ئەمیش چەند حاڵەتێکی هەیە: یان بەردەوامی ئەدات بەنیەتە ڕەسەنەکەت، یان کەم و زیادی ئەکات ئیتر نیەتەکەت چ چاك بێت یان خراپ، وە یان نیەتە ڕەسەنەکەت ئەگۆڕێت لە چاکەوە بۆ خراپ یان بە پێچەوانەوە، لە (سليمان بن داود الهاشمي) یەوە ئەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: جاری وا هەیە کە فەرمودەیەك ئەڵێمەوە نیەتەکەم جۆرێکە (واتە: نیەتەکەم چاکە) و ئەگەر هەندێکم لێ ووتەوە نیەتەکەم گۆڕانی بەسەردا دێت، لەبەر ئەمە جاری وا هەیە ووتنەوەی یەك فەرموودەیەك پێویستی بە چەند نیەتێك هەیە .

(واتە ئەگەر گۆڕانکاری خراپی بەسەردا هات ئەوا ئەبێت دەست بەجێ نیەتە چاکەکەت تازە بکەیتەوە)

## پێنجەم: چۆنێتی ئەنجامدان و دروست بوونی کار:

بۆ ئەوەی هەر کارێك ئەنجام بدەین پێویستمان بە ویست و توانا هەیە (الإرادة والقدرة) وەئەمانەیش کاریان لێ دروست نابێت بەبێ توانای دووەم کە لە سەرەتای کارەکەوە لەگەڵیدایە تا کۆتایی (الإستطاعة المقارنة للفعل) وەئەم توانایە لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە بەڵکو خوای گەورە وای لێ ئەکات کە بەتوانا بێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بە گوێرەی ویست و دانایی خوای گەورە لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا .

## شەشەم: چۆنیەتی پاداشت وەرگرتن بە نیەتی چاك بەبێ ئەنجامدانی كار:

ئەمەیش چەند شێوەیەكی هەیە كەبەم نمونەیە روونی ئەكەمەوە:-

أ- ئەگەر ویستت (1000) هەزار دینار بكەیت بە خێرو سەدەقە، بەڵام دوای ئەم نیەتە خێرو سەدەقەكەت نەكردو پەشیمان بویتەوە بە بێ هیچ (عذر)ێك ئەوا لێرەدا خوای گەورە بەفەزڵی خۆی یەك چاكەت بۆ ئەنوسێت وەكو چۆن پێغەمبەرﷺ ئەفەرمێت:( ..... فمن هم بحسنة فلم يعملها كتبها الله تبارك وتعالى عنده حسنة كاملة....)[6]. واتە: .... وەهەر كەسێك بیەوێت چاكەیەك بكات وبۆی نەگونجێت، ئەوا خوای گەورە چاكەیەكی تەواوی بۆ دەنوسێت....

ب- ئەگەر ویستت (1000) هەزار دینار بكەیت بە خێرو سەدەقە بەڵام (عذر) ێك هاتە پێشەوە، بۆ نمونە بڵێین: لێت دزرا، یان بزر بوو نەت توانی ئەم كارە بەجێ بهێنیت، ئەوا لەم حاڵەتەدا دوو جۆر پاداشت هەیە: جۆرێكیان ئەگەر بێتوو تۆ خێرو سەدەقە كردن پیشەت بوو‌بێت ئەوا پاداشتی نیەتە چاكەكەت و پاداشتی كارەكەیش وەرئەگریت، وەكو ئەو كەسەی كە كردوویەتی، وە جۆرەكەی تریان: ئەگەر بێتوو تۆ هەرگیز یان بەدەگمەن خێر و سەدەقە ئەكەیت، ئەوا پاداشتی نیەتە چاكەكەت بەتەنها وەرئەگریت نەك پاداشتی كارەكەیش . بەڵگەیش بۆ ئەمەئەم فەرموودەیەیە: (أن فقراء الصحابة رضي الله عنه قالوا: يا رسول الله ﷺ، سبقنا أهل الدثور بالأنوار والنعيم المقيم، فقال النبيﷺ: (**ألا أخبركم بشيء إذا فعلتموه أدركتم من سبقكم ولم يدرككم أحد إلا من عمل مثل ما عملتم؟) فقال**: (تسبحون وتكبرون وتحمدون دبر كل صلاة ثلاثا وثلاثين) ففعلوا، فعلم الأغنياء بذلك ففعلوا مثلما فعلوا!! فجاء الفقراء الى الرسول ﷺ وقالوا: يارسول الله ﷺ، سمع إخواننا أهل الأموال بما فعلنا ففعلوا مثله، فقال النبي ﷺ: (**ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء**)[7]. واتە: هەندێك لە هاوەڵە هەژارەكانی پێغەمبەر ﷺ ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەوڵەمەندەكان پێشمان كەوتوون بە سەدەقە كردن و كۆیلە رزگار كردن، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: شتێكتان پێ بڵێم ئەگەر بیكەن ئەگەن بەوانەی پێشتان كەتوون و كەسیش ناگات پێتان مەگەر وەكو ئێوە بكەن؟ فەرمووی: زیكری سبحان الله، الله أكبر، الحمد الله بكەن (33) جار لە پاش هەموو نوێژێكدا، هەژارەكان ئەمەیان كرد، بەڵام دەوڵەمەندەكان بەمەیان زانی ئەوانیش ئەمەیان كرد، دووبارە هەژارەكان هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەرﷺ ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، برا دەوڵەمەندەكانمان بە كارەكەی ئێمەیان زانی و ئەوانیش وەكو ئێمەیان كرد پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

---

(6) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: 2374، وصحيح الترغيب والترهيب: 17، وصحيح الجامع الصغير: 1796).

(7) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: 965، وصحيح الترغيب والترهيب: 1592).

(ئەوە فەزڵی خوایە ئەیدا بە هەر کەسێك کە بیەوێت خوای مەزنیش فەزڵێکی گەورەی هەیە) . لێرەدا پێغەمبەر ﷺ پێیانی نەوت پاداشتی کارەکەیان وەرئەگرن، بەڵام گومان لەوەدا نی‌یە کە پاداشتی نیەتی کار کردنەکەیان هەیە .

**حەوتەم: چۆنیەتی پاداشت و سزا وەرگرتن بە** (ترك الأعمال) (واتە: ئەو کارانەی کەلە شەرعدا نەهی لێ کراوە :–

**ئەمیش چەند شێوەیەکی هەیە بەم نمونەیە روونی ئەکەمەوە:–**

أ– ئەگەر بێتوو بەنیەتتدا هات زینا بکەیت، بەڵام نەت کرد، لێرەدا سزا وەرناگریت لەبەر ئەوەی سوور نەبویت لە سەری ونەیشت کردووە، وە پاداشتیش نی‌یە لەبەر ئەوەی بۆ خوا وازت لێ نەهێناوە .

وە (من هم بسيئة فلم يعملها كتبها الله عنده حسنة كاملة)[8] .واتە: وە هەر کەسێك بیەوێت خراپەیەك بکات ولەبەر خوای گەورە نەیکات، ئەوا خوای گەورە چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنوسێت.

لە ڕیگایەکی ترەوە هاتووە کە تایبەتمەندێتی ئەدات بەمەو شی ئەکاتەوە و ئەفەرمێت: (إنما تركها من جرائي)[9] .واتە: لەبەر من وازی لەو کارە خراپە هێناوە .

ب– ئەگەر ویستت زینا بکەیت و هەموو ڕێگاکانی و هۆکارەکانیت گرتە بەر، بەڵام خوای گەورە بەویست و دانایی خۆی بۆتی نەرەخساندو تەقدیری نەکرد، لێرەدا تاوانی نیاز خراپیت لەسەر دەنوسرێت لای خوای گەورە، بەڵام لەدونیادا ئەو حوکمەت نی‌یە، چونکە کارەکەت ئەنجام نەداوە وئەحکامی دونیاش لەسەر کار کردنە، بەڵگەیش لەسەر ئەمە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:(إذا التقى المسلمان بسيفيهما فالقاتل والمقتول في النار، فقالوا: يا رسول الله ﷺ، هذا القاتل فما بال المقتول؟ قال: لأنه كان حريصاً على قتل صاحبه)[10] . واتە: ئەگەر دوو موسڵمان بەرەنگاری یەك بوونەوە بەشمشێر، ئەوا پیاو کوژەکەو کوژراوەکەیش لە ئاگردان، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەزانین پیاو کوژەکە لە ئاگردایە، بەڵام کوژاوەکە بۆ؟ فەرمووی: لەبەر ئەوەی سوور بوو لەسەر کوشتنی برادەرەکەی.

لێرەدا دەرئەکەوێت سووربون و هۆکار گرتنە بەر بەکار دائەنرێت هەر چەندە کارەکەیش نەکەیت.

ج– ئەگەر لە ترسی خوا نەت کرد ئەوا پاداشتی تەواو وەردەگریت، چونکە بۆ خوا وازت لێ هێناوە وەکو چۆن لەفەرموودەکەدا هاتووە. (لەبەر من وازی لێ هێناوە) .

---

(8) (سبق تخريجه).

(9) (صحيح الترغيب والترهيب: 18، وصحيح الجامع الصغير: 4356).

(10) (متفق عليه، وانظر: مشكاة المصابيح: 3538).

د- تۆ هیچ کاتێك زینا کردن بەخەیاڵتدا نایەت و قەت نایکەیت لەبەر ئەوەی کارێکی زۆر زۆر بەدوو نا مرۆڤانەیە نەك لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە نەهی لێ کردووە، ئەم واز لێ هێنانە سزای نییە، نەنییەتت کردنێتی و نەکردووتە، وە پاداشتیش نییە لەبەر ئەوەی بۆ خوای گەورە وازت لێ نەهێناوە.
کەواتە لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە (ترك الأعمال) بە نیەتی چاك پاداشتی هەیە و بە نیەتی خراپیش سزا .
بەلأم ئەبێ ئەوا بزانین کە باسی (ترك الأعمال) ئەکەین لێرەدا مەبەستمان ئەو کارە خراپانەیە کە لە شەرعدا نەهی لێ کراوە، بەلأم نەکردنی ئەو کارە شەرعیانەی کە فەرمانی پێ کراوە ئەگەر بێتوو (عذر)ت نەبوو ئەوا بەهەموو شێوەکانی شایانی سزایت و جاری وایش هەیە پێی کافر ئەبیت .

## هەشتەم: چۆنێتی پاداشت و سزا وەرگرتن لە کارە (مباح) ەکان:-

وەکو نان و ئاو خواردن وجیماع کردن و خەوتن .... هتد ئەنجامدانی ئەم کارانە نە پاداشتی هەیە و نەسزا، بەلأم بەنیەتی چاك لەکاتی ئەنجامدانی ئەم کارانەدا پاداشت وەرئەگرێت و بەنیەتی خراپیش سزا . بۆ نموونە:
أ- ئەگەر نان و ئاوخواردنت بۆ ئەوە بێت کە بەتوانا بیت لە خوا پەرستیەکانتدا، ، وە یان نیوەڕۆ ئەخەویت بۆ ئەوەی شەو نوێژ بکەیت، یان شەوان زوو ئەخەویت بۆ ئەوەی نوێژی بەیانیت لە کاتی خۆیدا و بە جەماعەت بکەیت، یان جیماع ئەکەیت بۆ ئەوەی نەوەی موسڵمان زۆر بێت، یان خۆت و خێزانەکەت لە زینا دور خەیتەوە، ئەوا بەم نیەتە چاکانە لەم کارە (مباح) ە جۆراو جۆرانەدا پاداشت وەرئەگرێت، وەکو چۆن لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی پێ ئەکات وئەفەرمێت: (وفي بضع أحدكم صدقة، قالوا: أيأتي أحدنا شهوته ويكون له فيها أجر؟! قال: أرأيتم لو وضعها في حرام أكان عليه فيها وزر؟ فكذلك إذا وضعها في الحلال كان له أجر)[11].واتە: لە جیماع کردنی هەر یەکێکتاندا سەدەقەی بۆ ئەژمێردرێت، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەر یەك لە ئێمە بە ئەنجامدانی شەهوەت بۆ خۆی سەدەقەی دەست ئەکەوێت؟! پێغەمبەری خوا ﷺفەرمووی: ئەگەر بهاتایە زینای پێ بکردایە گوناهی بۆ نەئەنوسرا؟ ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: کەواتە لە حەلأڵەکەیشدا پاداشتی بۆ ئەنوسرێت . واتە: ئەگەر ئەم حەلأڵە ئەو حەرامەی لێ دوور خاتەوە و بەو نیەتە بێت، بەلأم ئەوەی تەنها لەبەر لەزەت و شەهوەتی بێت ئەوا نە پاداشتی هەیە نەسزا .

---

(11) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: 1556، وسلسلة الاحاديث الصحيحة: 816).

ب– ئەگەر شەو درەنگ خەوتیت بەنیەتی ئەوەی بۆ نوێژی بەیانی هەڵنەسیت، یاخود هەندێك خواردن و دەرمانت خوارد کە شەهوەتی پیٚ جۆش ئەدرێت بۆ ئەوەی رادەیەکی زۆرتر زینا بکەیت، ئەوا بەم نیەتە خراپانەت ئەم کارە (مباح) انەت والیٚ کرد کە شایانی سزادان بیت لە سەری .

**نۆیەم: چۆنیەتی پاداشت و سزا وەرگرتن بە گوێرەی چاکی و خراپی نیەت لە کاتیٚ ئەنجام دانی کارەکاندا و گۆڕانکاریەکانی:**

بۆ تێگەیشتن لەمەیش بەنموونەیەك روونی ئەکەمەوە کەئەویش سەردانی نەخۆشێکە:

أ– نیەتت لەئەنجامدانی ئەم کارە ئەوە بێت کە کارێکی شەرعیەو بۆ خوا ئەنجامی بدەیت ئەوا بیٚ شك وگومان پاداشت وەرئەگریت .

ب– نیەتت لە ئەنجامی ئەم سەردانە ئەوە بێت بۆ فیسق یان ریا بێت ئەوا بیٚ شك وگومان شایانی سزایت .

ج– لەم سەردانە نیەتت پیاوەتی کردن بوو یان قەرزدانەوە بوو وەکو ئەوەی کە ئەویش لە کاتی نەخۆشیدا سەری لێت دابێت نەك بۆ خوا بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا نەپاداشت و نەسزا وەرناگریت، چونکە نیەتەکەت بۆ خوا نەبووە لەگەڵ ئەوەیشدا کە کارەکەت بە چاك ناو ئەبرێت هەر وەکو چۆن لە ئایەتدا هاتووە کە ئەفەرمێت:﴿لَا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاةِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ [النساء: 114] .

لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەدەقە وکاری چاك وچاك کردنەوەی نێوانی موسڵمانانی بەخێر وەسف کرد، بەڵام مەرجی دانا بە وەرگرتنی ئەم کارە خێرانەی کە خەڵکی سوودی لیٚ ئەبینێت بەوەی کەنیەتی بۆ خواو رەزامەندی خوا بێت .

د– نیەتت لەم سەردانەدا بۆ خوا بوو بەڵام لە کاتی ئەنجام دانیدا لە ناکاو نیەتەکەت گۆڕاو بۆ ئەوەت بوو کە سەیری ئافرەتەکانیان بکەیت و دەمە تەقێیان لەگەڵدا بکەیت، یان هەر کارێکی نا شەرعی لەم حاڵەتەدا کارەکەت خراپەو شایانی سزایت .

ه– نیەتت بۆ خوا بوو بەڵام لە کاتی ئەنجام دانیدا نیەتت لەناکاو گۆڕاو لەبەر ئەوەت بوو پێت بڵێن موسڵمانێکی چاکەو خەمخۆرە، واتە بۆ ریات بێت، ئەوا لەم حاڵەتدا کارەکەت خراپەو بە شیرك ئەژمێردرێت و شایانی سزایەکی زۆر قورسیت .

و– ئەگەر بێتوو نیەتی لە ئەنجامدانی ئەم کارە فیسق یان ریا بێت، بەڵام لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەتدا نیەتەکەت گۆڕانکاری بەسەردا هات و بۆ خوا ئەنجامتدا، ئەوا لەم حاڵەتەدا حوکمی کارەکەی و پاداشت و سزا وەرگرتن لیٚ ی دوو شێوازی هەیە:

یەکەمیان: ئەگەر لەو عیبادەتانە بێت کە کۆتاییەکەی لەسەر سەرەتاکەی بنیات نراوە وەکو نوێژ و ڕۆژو و حەج و دەستنوێژ ..... هتد ئەوا ئەم گۆڕانکاریە هیچ کار ناکاتە سەر حوکمی کارەکەت کە خراپەو کە خۆیشت شایانی سزا وەرگرتنیت .
دووەمیان: ئەگەر لەو عیبادەتانە بێت کە کۆتاییەکەی لەسەر سەرەتاکەی بنیات نەنراوە وەکو: قورئان خوێندن و نزا خوێندن و سەدەقە کردن .... هتد ئەوا ئەم گۆڕانکاریە کار ئەکاتە سەر نیەتی بنەڕەتی و پاداشتیشی هەیە تازەی ئەکاتەوە و ئەو کارانەی دوای تازە کردنەوە ئەنجامی ئەدەیت بە چاکە وەسف ئەکرێن و پاداشتیشی هەیە، بۆ نموونە تۆ هەزار دینارت هەیە ئەتەوێت بەسەر(5)هەژاردا دابەشی بکەیت و نیەتت بۆ خوایە، لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا لەگەڵ هەژاری یەکەمدا هیچ گۆڕانکاریەکی خراپ بەسەر نیەتەکەتدا نەهات، ئەوا پاداشتت دەست گیر ئەبێت و ئەمە عیبادەتێك بوو و تەواو بوو . کەهاتیتە سەر ئەوەی بیدەی بەهەژاری دووەم نیەتە ڕەسەنەکەت گۆڕانکاری بە سەردا هاتوو شەیتان زەفەری پێت بردو ریات تێدا کرد دوای ئەوەی بینیت کەخەڵکی سەیرت ئەکات، ئەوا ئەم کارەت خراپەو بە شیرك دائەنرێت و شایانی سزایەکی گەورەیت، ئەمەیش عیبادەتێك بوو و تەواو بوو، کە هاتیتە سەر سێیەم هەژار نیەتە بنەڕەتیەکەت (أصل النية) تازە کردەوەو بۆ خوا ئەنجامت دا، هەروەها چوارەم و پێنجەمیش ئەوا حوکمی یەکەم هەژاری ئەبێت .
لێرەدا بۆمان دەرکەت کە سەدەقە یەك عیبادەتێکە بەڵام جیا جیایە واتە(آحاد) ی هەیە و ئەگەر بەشێك لەم سەدەقەیەت پووچەڵ بوو کار ناکاتە سەر بەشەکانی تری هەمان سەدەقە ئەگەر نیەتەکەت تازەکردەوە، بەڵام نوێژ کردن بۆ نموونە لە تەکبیرەی ئیحرامەوە هەتا سڵاو دانەوە یەك عیبادەتێکە، ئەگەر بێت و نوێژەکەت لە سەرەتاوە بۆ خوا بوو دوای ئەوەی رکوعت برد کەوتیتە ڕیاکردنەوە چونکە خەڵکی سەیرتی کرد دوای ئەمە لە کڕنۆش بردن گەڕایتەوە سەر باری یەکەم و نیەتەکەت گۆڕی بۆ خوا رکاتی دووەمت ئەنجامدا ئەوا ئەم تازە کردنەوەیەی نیەتە لێرە دا هیچ دەوری نیە و بە پووچەڵ بوونەوەی بەشێك لەم عیبادەتە هەمووی پووچەڵ ئەبێتەوەو ئەبێت جارێکی تر ئەم عیبادەتە ئەنجام بدات، هەروەها ڕۆژوو حەج و..... هتد بەڵام ئەگەر ختورەیەك (خاطرة) بوو و جێگیر نەبوو لە دڵتدا ئەوا بە ڕیا دانانرێت .
**دەیەم:** ئەگەر بێتوو نیەتت لە ئەنجامدانی کار خراپەکاری و ریا بێت ئەوا بێ گومان شایانی سزایت بەڵام ئەگەر مەبەستت دونیا بێت ئەوا لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر ئەگۆڕێت، بۆ نموونە: ئەگەر مەبەستت لە جیهاد کردن دەستکەوت (غنائم) بێت ئەوا لێرەدا نەپاداشت وەرئەگریت و نەسزا لەبەر ئەوەی (غنائم) دەسکەوتی دونیایی لە جیهاد کردندا حەڵاڵو شەرعیە سزات نابێت، وە لەبەر ئەوەی بۆ خوای گەورە ئەنجامت نەداوە ئەوا پاداشتیشت نابێت، بەڵام هەمان مەبەست لە دواکەوتنی زانستی شەرعیدا

(طلب العلم الشرعي) ئەوا لێرەدا پاداشتت نىیە بەڵکو شایانی سزایەکی قورسیت، لەبەر ئەوەی مەبەست لێرەدا ئەبێت بە تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەو بڵاوکردنەوە و سەرخستنی ئایینە پیرۆزەکەی بێت و مەبەستی دونیا لەم کارەدا حەرامەو نەهی لێکراوە، کەواتە مەبەست لە کارێکەوە ئەگۆڕێت بۆ کارێکی تر بە گوێرەی ڕێ پێدانی لە شەرعی پیرۆزدا، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمێت:

(من تعلم علماً مما يبتغى به وجه الله لا يتعلمه إلا ليصيب به عرضاً من الدنيا، لم يجد عَرْفُ الجنة يوم القيامة)[12].

يعني: ريحها.

واتە: هەر کەسێك فێری زانستێکی شەرعی بێت کە مەبەست پێی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت وئەم فێری نەبێت تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە مەبەستێکی دونیایی دەست بکەوێت، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا بۆنی بەهەشت ناکات.

## فەرموودەی چەند زانایەکی ناودار دەربارەی نیەت:-

بۆ خستنە رووی گرنگی نیەت لە ئایندا فەرموودەی چەند زانایەکی ناودار ئەهێنمەوە کە (ابن أبي الدنيا) لە پەرتوکی (الإخلاص والنية) دا هێناویەتیەوە:-

1- (يحى ابن أبي كثير) ئەفەرمێت: فێری نیەت بن چونکە لە کارکردن بەرزترە و زیاتر توانای ئەوێت.

2- (زبيد اليامي) ئەفەرمێت: من حەز ئەکەم لە هەموو شتێکدا نیەتم هەبێت هەتاوەکو لە خواردن و خواردنەوەیشدا .

3- (داود الطائي) ئەفەرمێت: سەیری هەموو شتێکی خێرو چاکم کرد لە نیەتی چاکدا کۆدەبێتەوە .

4- (سفيان الثوري) ئەفەرمێت: هیچ شتێکم چارەسەر نەکردووە لە نیەت گرانتر بێت چونکە زوو زوو لێم ئەگۆڕێت.

5- بە (نافع بن جبير) یان ووت: نایەی شوێنی ئەم جەنازەیە بکەوێت؟ فەرمووی: لەجێی خۆت بوەستە هەتا وەکو نیەت ئەهێنم (واتا: بەدڵ نیەتەکەی  بۆ خوا بێت) تۆزێ بیری کردەوە و ئینجا ووتی: بابڕۆین.

6- (مطرف بن عبدالله) ئەفەرمێت: چاکی دڵ پەیوەستە بەچاکی کارەوە، چاکی کاریش پەیوەستە بەچاکی نیەتەوە.

---

(12) (صحيح الترغيب والترهيب: 105، ومشكاة المصابيح: 227، وصحيح ابن ماجة: 252).

7- لەپێشینەوە ئەگێڕنەوە: کێ پێی خۆش بوو کە کارەکەی بەتەواوی ئەنجام بدات با نیەتی چاك بکات، چونکە خوای گەورە پاداشت ئەدات بەبەندەکەی ئەگەر چاك بێت هەتاوەکو بە پاروو (واتە: ئەو پارووەی لە ڕێی خوا ئەیبەخشیت بە ماڵ و مناڵت).

8- (عبدالله بن مبارك) ئەفەرمێت: لەوانەیە کارێکی بچوك نیەت گەورەی بکاتەوە وکارێکی گەورەیش نیەت بچووکی بکاتەوە .

9- (ابن عجلان) ئەفەرمێت: هیچ کارێك چاك نابێت هەتاوەکو سێ شتی تێدا نەبێت: لە خوا ترسی و نیەت چاکی و لەسەر سوننەت بێت.

10- (فضيل بن عياض) ئەفەرمێت: خوای گەورە نیەت و ویستتی ئەوێت.

**ڕاڤەی فەرموودەکە:**

إنما الأعمال بالنيات: لەلایەن زانایانەوە بەدوو شێوە ڕاڤە کراوە:

**یەکەمیان:** لەلای زانایانی دواین (المتأخرين): ئەگێڕنەوە کە ئەفەرمن: مەبەست بە تایبەتی کارە شەرعی‌یەکانە بەبێ (مباح)ەکان کەنیەت وای لێ ئەکات کارەکەی چاك بێت یان خراپ، وەرگیراو بێت یان ڕەت کراوە بێت.

**دوومیان:** لەلای زانایانی پێشین (جمهور المتقدمين)ە وە ئەگێڕنەوە کە (أعمال) لێرەدا هەموو کارێك بەگشتی ئەگرێتەوە هەتا وەکو (مباح)ە کانیش و هیچ کارێك تایبەتمەندێتی نی‌یە لەم فەرموودەیەدا، چونکە هەموو کارێك پێویستی بەنیەتە ئیتر شەرعی بێت یان نا.

بالنيات: (ب) (بالنيات) **دوو بۆچوون هەیە لەمەبەست لەم پیتە:**

**یەکەمیان:** ئەڵێت: (البا: للمصاحبة) واتە: نیەت لەسەرەتاوە لەگەڵ کارەکەدایە هەتا کۆتایی و هەر بەنیەت کارەکان هەڵئەسەنگێنرێت و حوکم ئەدرێت بەسەریاندا کە چاکە یان خراپ، ڕەت کراوەتەوە یان وەرگیراوە، وەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمێت: (**إنما الأعمال بالخواتيم**)[13]. واتە: چاکی و خراپی کارو پەسەند کردن و نەکردنی بەگوێرەی کۆتایی کارەکانە، کەواتە: نیەت مەرجە (شرط)ە بۆ وەرگرتنی کار.

**دووەمیان:** ئەڵێن: (الباء: للسببية) واتە: کارەکان بەنیەت پەیدا دەبن و هۆکاری دروست بوونیانە کەواتە: نیەت ڕوکنە.

**تێبینی:** لێرەدا مەبەست لە کارەکان ئەو کارانەیە کە بڕواداران ئەنجامی ئەدەن نەك کافران، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کافرەکان بەرپرسن بەرامبەر هەموو فەرمانەکانی خوای گەورەو سزایش ئەدرێن لەبەر

---

(13) (مشكاة المصابيح: 83، وظلال الجنة: 216).

ئەنجام نەدانی ئەم کارانەی کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردوە لە شەرعدا، وە ئەگەر چەند کارێکیش ئەنجام بدەن ئەوا لێیان وەرناگیرێت لە کاتێکدا کە بەردەوام بن لەسەر کوفر، چونکە هەموو کارە چاکەکانی کافر یان بۆ دونیایە، یان بۆ خوا و هاوبەشێکیشی بۆ بڕیار ئەدەن ئەم کوفر کردنەیش هەموو کارەکانیان هەڵئەوەشێنێتەوە و پووچەڵی ئەکاتەوە، وەکو چۆن خوای گەورە لە چەند ئایەتێکدا ئاماژەی پێ کردووە بۆ نموونە ئەفەرمێت: ﴿وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [الزمر: 65] . واتە: بە جەخت لەسەر کراوییەوە سروش بۆ تۆ و پێغەمبەرانی پێش تۆیش نێرراوە کە ئەگەر هاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدەیت ئەوا کردەوە چاکەکانت بەتاڵ دەبێتەوە و دەبیت بە کەسێکی زەرەرمەند.

وإنما لكل امريء مانوى: هەندێك لە زانایان فەرموویانە ئەم ڕستەیە (تأكيد) کردنەوەیە بۆ ڕستەی یەکەم (إنما الأعمال بالنيات)، بەڵام ئەگەر بەووردی تێی بڕوانین دەرئەکەوێت کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، مەبەست لە ڕستەی یەکەم ئەوەیە کە نیەت بناغەی دروست بوونی هەموو کارێکە وهیچ کارێکیش بەبێ نیەت دروست نابێت و هەر بەو نیەتەیش کارەکەت هەڵئەسەنگێنرێت چاکە یان خراپ، بەڵام ڕستەی دووەم (وإنما لكل امريء مانوى) مەبەست ئەوەیە کە بەنیەتە چاکەکەت پاداشت وەرئەگریت و بە نیەتە خراپەکەیش سزا . واتە: ئەم ڕستەیە باس لە پاداشت و سزای بکەر (عامل) ئەکات لە کارەکەی .

فمن كانت هجرته الى الله ورسوله فهجرته الى الله ورسوله: پێغەمبەر ﷺ نموونەیەکی جوانی بۆمان هێناوەتەوە کە فەرموودەکەی پێ ڕوون کردووتەوە وەکو بڵێتیش (ئیتر هەموو کارەکانی تر لەسەر ئەم نموونەیە قیاس بکەن )

بنەڕەتی (أصل) هجرەت: هیجرەت لەووڵاتی هاوبەش پەیداکەر بۆ خوا (بلد الشرك) بۆ ووڵاتی موسڵمانان، وەکو چۆن موهاجیرەکان لە پێش ڕزگارکردنی شاری مەککە هیجرەتیان ئەکرد بۆ مەدینە . لێرەدا پێغەمبەری خوا ﷺ پێمانی ڕاگەیاندوە کە ئەم هیجرەتە جیاوازە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بە گوێرەی نیەتەکەی، ئەو کەسەی ئەو هیجرەتەی لەبەر خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووەو ئامانجی فێربوونی ئایینی ئیسلامە و بۆ ئەوەی بە ئاشکرا خوا پەرستی بکات چونکە لە ووڵاتی کوفر نەیتوانیوە بیکات، ئەوا ئەمەیە موهاجیر بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، واتە: پاداشتی هیجرەتەکەی وەرئەگرێت وە لە بەر بەرزی و چاکی نیەتەکەی و کارەکەی ئەم فەرموودەیەدا بە ڕوونی دووبارە باسی هیجرەتەکەی کردووەتەوە ئەفەرمێت: (فهجرته الى الله ورسوله) ومن كانت هجرته لدنيا يصيبها أو امرأة يتزوجها، فهجرته الى ما هاجر اليه:

وە ئەوکەسەی کە نیەتی لە هیجرەتەکەی دا بۆ بازرگانی و دەستکەوت یان بۆ ئەوەی ئافرەتێکی موسڵمان بخوازێت و کە زۆر عەوداڵێتی ئەم ئافرەتەش ڕازی نەبووە لەگەڵیدا لە وولآتی کوفر بژێت و لەبەر ئەمە هیجرەتی کردوە ئەوا پاداشتی نی‌یە لای خوای گەورە، چونکە نیەتی بۆ خوا نەبووە وەکو موهاجری یەکەم، وە لێرەدا لەبەر نزمی و خراپی نیەتەکان پێغەمبەر ﷺ باسی هیجرەتی دووبارە نەکردووە ئەوە بەڵکو بەشێوەکی نادیار باسی کردووە فەرموویەتی: (فهجرته الى ما هاجر إليه) واتە: بۆچی هیجرەتی کردووە ئەوا هیجرەتەکەی بۆ ئەوەیە .

**تێبینی:-** چەند ڕیوایەتێك هەیە لەسەر کەسێك کە هیجرەتی کردووە لەبەر ئافرەتێك بەناوی (أم قيس)ەوە بۆ ئەوەی بیخوازێت و دوای خواستنی پێیان ووتووە (مهاجر أم قيس) و پێغەمبەر ﷺ ئەم فەرموودەیی لەبەر ئەم کابرایە فەرمووە . بەڵام لە ڕاستیدا تەنها یەك ڕێگایەك نی‌یە کە ڕاست و دروست بێت و پەسەند کراو بێت لەلای زایانەوە و هیچ (أصل)ێکی نی‌یەو ئەم ریوایەتە ڕەت ئەکرێتەوە و پێغەمبەری خوایش ﷺ ئەم فەرمودەیەی ووتووە بۆ ڕوون کردنەوەی زانستی شەرعی نەك لەبەر ئەم ڕووداوە .

**تێبینی‌یەکی تر:**

وەرگرتن‌و پەسندکردنی کاری شەرعی لە لای خوای گەورە ئەبێت دوو مەرجی تیادا بێت کەئەویش (الصواب والإخلاص)ە . واتە: یەکەم: ئەبێت پەیڕەو کردنی فەرمانێکی خوای گەورە یان پێغەمبەر ﷺ بێت کە بیکەی بە بەڵگە بۆ ئەنجامدانی کارە شەرعیەکە .

دووەم: ئەبێت ئەم کارەیشت بە تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەیت و مەبەستت ڕەزامەندی ئەو بێت، ئەوەی لەم فەرموودەیەدا بە ئاشکرا باسکراوە دووەم مەرجیانە (الإخلاص) کە پەیوەستە بەناخی دڵتەوە کە خوای گەورە نەبێت کەسی تر نازانێت مەبەستی بکەر چی‌یە لەکارەکەی .

ئەوەی زۆر سەیرە بەلامەوە کە بیدعەچی‌یەکان و فاسیقەکانە هەر کارێك ئەنجام بدەن کە بیدعە بێت یان خراپ و دوور لە شەرع بێت و موسڵمانێك ئاگاداری بکاتەوە لەم کارە خراپەی، ئەم فەرموودەیە ئەکاتە بەڵگە بۆ شەرعیەت دان بەکارە خراپەکەی و ئەڵێت:

(إنما الأعمال بالنيات) من نیەتم وا نی‌یە بەڵکو نیەتم وایە و وایە .

لێرەدا بەپێویستم زانی کە ئەم ڕوونکردنەوەیە بهێنمە پێش چاوی موسڵمانان بۆ ئەوەی بەرپەچی ئەم جۆرە کەسانە بدەنەوەو تێیان بگەیەنن کە تێگەیشتنیان بۆ ئەم فەرمودەیە هەڵەیە ولێرەدا وەکو لەپێشتر باسمان کرد، باسی نیەتە لە ئەنجامدانی کار ئەگەر بۆ خوات بێت ئەوا مەرجێکت تەواوە و ئەگەر مەرجەکەی تریشت تەواو بێت کە(صواب) ە ئەوا کارەکەت پەسەند کراوە و پاداشتت ئەبێت .

مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوە نی‌یە کە هەر کارێکی بیدعەو ناشەرعیت کرد بە نیەتی چاك وەرئەگیرێت، بەڵکو بە نیەتی چاك ئەو کاران وەرئەگیرێت کە شەرعیە، واتە: مەرجەکەی تریشی تێدا بێت وبنیات نرا بێت لەسەر بەڵگەو فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمیش بەشێوەیەکی نادیار لەم فەرموودەیەدا هاتووە، بەڵام بەروون و ئاشکرا لەم فەرموودەیە هاتووە کە (عائیشە) (ڕەزای خوای لێ بێت) بۆمانی ئەگێرێتەوە کە هەردوو ئیمامی بخاری و مسلم ئەیگرێنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد)[14]. واتە: هەر کەسێك کارێك بکات و فەرمانی ئیمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەتکراوەیەو وەرناگیرێت .

کەواتە فەرموودەی (إنما الأعمال) تەرازووی ناخی موسڵمانە کە چاکی وخراپی کارەکەی هەڵئەسەنگێنێت لەگەڵ ئەوەیشدا کە شەرعی‌یەو فەرموودەی (من عمل عملا) تەرازووی (ظاهر)ی کارە دیارەکانن (واتە: لایەنە دیارەکەی) کە شەرعین و بەڵگەدارن یان نا . وە لە ڕێك کەوتنی کاری شەرعی و نیەتی چاك بێگومان کارەکە پەسەند ئەکرێت و پاداشتیش وەرئەگیرێت، بەڵام لە دواکەوتنی یەکێك لەم مەرجانە کارەکە پەسەند ناکرێت و ڕەت ئەکرێتەوە و لە زۆر شێوازیشدا شایانی سزا ئەبێت، هەر لەبەر ئەمیشە کە زۆربەی زانایان فەرموویانە (ئەم دوو فەرموودەیە هەموو ئایینی تێدا کۆ بووەتەوە).

## کۆتایی _ الخاتمة _

دوای ئەوەی کە بەووردی لەمانای ئەم فەرموودە مەزنە گەیشتین و گرنگی نیەتمان بۆ دەرکەوت پێویستە ئاگاداری نەخۆشیەکی کوشندە بین کە ئەویش دڵە ڕاوکێیە (الوسواس) لەکاتی نیەت هێناندا. چونکە لەوانەیە هەندێ کەس لە ووردەکاریدا شەیتان زەفەری پێ بەرێت و ریسەکەی لێ بکاتەوە بەخوری، بۆ ئەوەی ئەم دەردەمان لە کۆڵ بێتەوە ئەبێت یەکەم شت پەنا بگرین بە خوای گەورەو دووەمیش بەم شێوەیەی کەباسمان کرد واتە بە زانستەوە مامەڵە لەگەڵ نیەتدا بکەین و لەمە زیاتر نەچینە قوڵایی‌یەوەو زێدەڕەوی تێدا بکەین، چونکە شەیتان لەم خاڵەدا زەفەرت پێ ئەبات و لە خشتەت ئەبات، وە ئەبێت هەڵسوکەتمان لەگەڵ نیەت وەکو هەڵسەکەوتمان بێت لەگەڵ قەدەر ئەویش بەفێر بوونی ئەوەندەی کە پێویستە لەسەرمان و ئاینەکەمان فەرمانی پێمان کردووەو دوور کەوینەوە لە زێدەڕەوی .

سبحان ربك رب العزة عما يصفون و سلام على المرسلين والحمد لله رب العلمين.

## سەرچاوەکان:

1- الفتح الباري بشرح صحيح البخاري لابن حجر العسقلاني.

(14) (رواه مسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: 49، وصحيح الجامع الصغير: 6398، وإرواء الغليل: 88، و276).

2- شرح صحيح الإمام مسلم للإمام النووي .

3- شرح رياض الصالحين من كلام سيد المرسلين للإمام النووي، شرحه وأملاه الشيخ محمد بن صالح العثيمين.

4- جامع العلوم والحكم في شرح خمسين حديثاً من جوامع الكلم للابن رجب الحنبلي.

(ئامادەكردنی مامۆستا لقمان حسن أمين)

سایتی فەرموودە هەمیشەڕاستگۆیی
www.fermude.com